پێشانگای ڕستن و چنینی کوردەواریو بێ ئاگایی کەنەڵەکانی ڕاگەیاندن....

لـــە ناوەڕاســـتی کـــانونی یەکـــەمی ٢٠٠٤، کاك قاسم مـستەفا ناسـراو بـە (لـۆلان) لەســەر ئـەرکی خـۆی و بـە هاوکـــاری وەزارەتـــی ڕۆشـــنبیری، ئـــەم پیشانگا کەلەپوریەی کردەوە، هـەروەکو لە نووسراوێکدا ئاماژە بە بایـەخی ئـەم پیـــشانگایە دەکـــات ودەنووســـێ..ئـــەم پێشانگایە بەشێکی زۆری ئیشی دەســتی هونـــەری چـــنینی هـــۆزە نیـــشتەجێو ڕەوەندەکانی ناوچەکانی پارێزگای هەولێر دەگرێتـــەوە. هونـــەری ڕســـتن و چـــنینی کـــوردەواری ڕەنگدانـــەوەی ژیـــانی هـــۆزە کوردەکانە، ئەو هۆزانەش ئەم هونەرەیان بـــە درێـــژایی مێـــژوو پاراســـتووەو وەك ناســـنامەیەکی کولتـــوری بـــۆ کـــوردو عەشیرەتەکانی ماوەتەوە، لە نێو هونەری چـــنراوی کوردەواریـــدا شـــێوازی ژیـــان وبارودۆخیکۆمەڵایەتیو کولتوری هـــۆزە کوردەکـــان پێـــشان دراون، هـــەر بۆیـــەش بایەخدان و لێکۆڵینـــەوەی زانـــستی لـــەم هونەرە لایـــەنێکی گـــرنگ وپـــڕ بایـــەخی کولتوری کوردییە. چـــنراوی کـــوردەواری تێکـــڕای ئـــەو کەلوپـــەل ڕایـــەخ و کـــاڵاو پۆشـــاکانە دەگرێتـــەوە کـــە عەشـــیرەتە کوردیەکان بـــۆ دابینکردنـــی پێویـــستییەکانی ژیـــانی خۆیـــان چـــنیویانە، کەرەستە خاوەکەش لـــە خـــوری مـــەڕو مالاتەکـــەیان بـــە دەســـت هـــاتووە ڕەنگەکانیش لە ڕەنگی سروشتی(گیاو گـــول دروســـت کـــراون، وەلێ مخـــابن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو ڕۆشـــنبیرانو تەنانـــەت فۆلکلۆرەوانـــەکانیش لـــەم پێشەنگا نایابە بێئاگا بوون

مژدە کارەباتان لێ کەمکرایەوە !

سەلاح مەزن

بەڕێوەبـــەری دابەشـــکردنی کارەبـــای هـــەولێر لـــە لێدوانێکیدا، کە لەشـەوی٨/٩ی کـانوونی دووەمـی ٢٠٠٥ لـە، لە شێوەی پـەیامێکی گـرنگ بـۆ هاوڵاتیـان لـە کەناڵەکانی تەلـەفزیۆن پەخـشکرا، وەك بڵێـی مژدەیـەکی خـۆش یـان جـەژنی سـاڵی نـوێ لـە هاووڵاتیـان پـیرۆز بکـات و، پێیـان بڵێیت، لەمەوبەر چیتر وەك سێزدە ساڵی پێشووتان نقومی نێـو شـەوە سـامناکەکانی تاریکـستانی ئەشـکەوتی بـێ قەندیلۆکـەو تریـە تریـی چـراکان نـابن!جـارێکی دیکـە دووکـەڵی ڕەشو پڕەپـڕی مـاتۆڕە گازییـەکانی کارەبـا هەراسانتان ناکەن!لێناگەڕێین هەولێری پڕ لە خەڵکی باش و پیاوەتیوچـاکە،هـەولێری دڵ پـشتگوێ خـراو بـێ ساحێبکراو، چیتر خەڵکەکەی حەسرەتان بکێشنن و، لە چـنگ مەینـەتی بـڕان و نەهاتنـەوەی تـەزووی کارەبـا دابمێـنن. بەراسـتی مژدەیـەکی خـۆش و هیوایـەکی پـڕ ڕووناکی بوو، چونکە ئەو جۆرە لێدوانە گرنگانە، هەمیشە لە دوو حاڵەت دەگووترێن، کاتـێ کـە بیانـەوێ پـەیامێکی خۆش یانیش ناخۆش بە خـەڵك ڕابگەیـەنن،وەك بڵێـی لـە چـەند سـاڵی ڕابـردوو چـەند ڕۆژێ لەمـەو بـەر ڕووناکی شارەکەمان تروسکایی لە ئەسـتێرەکانی شـەو بڕیبـێ، وەك بڵێی خەڵکی ئەو شارە لێیان ببێتە مفاجەئە، ئەگەر پێیان بڵێین بەهۆی قەیرانی گازو ڕەوشی خراپی ئـەمنیو کـارە تیرۆریستەکانەوە، چیتر ناتوانین کارەبای باشتان بـدەینێ، شکور هەمووی دوو ڕۆژ نەبوو کارەبای هەرێمی کوردستان بـە کارەبـای عیراقـەوە بەسـترابۆوە، هاوڵاتیـان چـاوەڕێی گۆڕانی بەرەو باشتر بوون لە بەرنامە بـێ سـەروبەرەکەی دابەشـکردنی کارەبـا، کـە گـەڕەك هەیـە بـۆ چـەند ڕۆژ کارەبـای لێـدەبڕا، کەچـیهەندێ جێگـای دیکـە، لەسـەر حسابیخەڵکی دیکە کارەبای باشتریان دەدرایێ کەچی ئـەو مفاجەئـە چـاوەڕوان نـەکراوەی لێکەوتـەوە، وەك بڵێـی دانیشتوانی هـەولێر کارەبایـان هێنـدە بـاش بـووبێ، ئـەو لێدوانە گرنگەی بەرێزیان مفاجەئەیان بـۆ دروست بکات !لەوەتەی ڕژێمی دیکتـاتۆری ڕووخـاوەو، پێشتریش پـارەو پـولێکی بـاش لـە داهـاتی هـەرێم و بەرنامـەی نـەوت بەرامبـەر خـۆراك لـە بـواری چـاککردنەوەو گوایـە باشـتر کردنـی خزمـەت گـوزاری کارەبـا خـەرج دەکرێـت، ئەگـەر هـەموو ئـەو پـارەو پـولۆ پـرۆژەو مەراسـیمی کردنـەوەی وێـستگەو .. تـاد .. بـژمێردرێن، یەکـەم پرسـیار کـە ڕووبـەڕووی جـەنابی بەڕێوەبـەرو حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانی دەکرێتـەوە ئەوەیـە، کـە چـۆن تـا بـە ئـەمڕۆ دەگات کێشەی کارەباتان بۆ چارەسەر نەکراوەو، بیرتـان لـە سیستەمێکی ئـەوتۆ نەکردۆتـەوە جێگـای سیستەمی کـۆن بگرێتەوەو، خزمەت گوزاری گونجاوی کارەبا بۆ هاووڵاتیان و چـــالاکییەکانی دیکـــەی بازرگـــانی، پیـــشەسازیو دامـەزراوەکانی حکومیـو ئـەهلی دابـین بکـات، جێگـای خۆیەتی پرسیارێکی دیکە بکەین، ئـاخۆ ئـەو موەلیدانـەی کە لە چوارچێوەی یریاری ٩٨٦ لە گەرەکەکان دانـرا بـوون، چییان بەسـەر هـات؟ بـۆ وا بـە پەلـە لاتـان بـردن ،بـەپێی خـشتەو بەرنامەیـەکی گونجـاو لەگـەڵ کارەبـای سـەرەکی سـودێکتان لێوەرنـــەگرت؟دەزانن لـــە ئـــەنجامی بـــێ بەرنامەیـیو نا عەدالەتی لە دابەشکردنی کارەبا، هەستێکی وا لەلای هـاووڵاتی دروسـت بـووە، ئەگـەر لـەتۆڕی کارەبـای ئێرانو بگرە لە وێستگەکانی کارەبـای روسـیاش کارەبامـان بۆ بێت، ئەو هەر بێ کارەبا دەبێ!!

ڕیپۆرتاژ

ڕۆژنامە فرۆشێك:

تائێستا نۆ جار گیراوم، هەر جارێکیش شارەوانی دووسەد دیناری پێژماردیمە !

ئا: ئەحمەد محەمەد

دیـــاردەی ڕۆژنامەفرۆشـــتن لـــە کوردستاندا، مێژوویەکی هەیە، جاران ڕۆژنامـــەفرۆش بـــەنێو چـــایخانە، قەیـــسەریو جادەکـــان دەســـوڕایەوە،، ئـەمڕۆ لـە شـێوەی کۆمـەڵگای جیاجیای ڕۆژنامەفرۆشـــان شـــان بەشـــانی کتێبخانـــەکان دەبینـــرێن، قەڵـــەباڵغی ڕیزبەنـــدی خوێنـــەران لـــە بـــەردەم ڕۆژنامـــەو بڵاوکـــراوە هەڵواســـرەکانیان، پێوانەیـــەکی باشـــە بـــۆ زانینـــی ڕادەی فرۆشتنی ڕۆژنامەو، ڕێـژەی خوێنـەرانی بـــۆ زانینـــی ڕەواجـــی فرۆشـــتنی ڕۆژنامەیەك لەچاو ڕۆژنامەیەکی دیکە، ڕاو سـەرنجی ژمارەیـەك ڕۆژنامەفرۆشی ناسراوە شاری هەولێرمان وەرگرت.

کام ڕۆژنامەو گۆڤار لە کوردستاندا زیاتر خـــەڵك دەیانخوێنێتـــەوەو بـــازاڕی فرۆشتنیان گەرمترە ؟

کـــاك خالیـــد جـــەمیل خـــاوەنی(کتێبخانـــەی ســـۆلاڤ) دەڵێـــت: بـــە هـــۆی پەیـــدابونی ســـەتەلایتو ئەنتـــەرنێت خوێنـــەری ڕۆژنامـــەکان کـــەم بۆتـــەوە، ڕۆژنامەکان بەگەرموگوڕی هەواڵەکانمان پێنابەخشن، هەرچی تەکنەلۆژیای نێیە بـــە زوتـــرین کـــات هـــەواڵمان دەدەنـــێ، هـــەواڵی نـــاوەخۆش لـــە ڕادیـــۆو تەلەفزیۆنـــــەکان گوێبیـــــست دەبین.خـەڵکیش ئـەمڕۆ زیـاتر ڕۆژنامـە بێلایەنەکانیان دەوێت، وەکو هاوڵاتی !

کـــاك ســـیروان (ڕۆژنامـــەفرۆش) لـــە بەرامبەر دەرگای گەورەی قەڵا دەڵێت:

ئەمڕۆخـــەڵك زیـــاتر ڕوو لەڕۆژنامـــەی ئـەهلی دەکـەن لەبەرئـەوەی زیاترلـەهی حیزبـــەکان شـــت بڵاودەکەنـــەوە، حیزبـەکان سـنوردارن هـەموو هـەواڵێك بڵاوناکەنەوە، ئەهلییەکان بە ئارەزووی خۆیـــان ئـــەو هەواڵـــەی کـــە دەســـتیان دەکەوێ ئەگەر لایەنی ڕاستی تێدا بێت بڵاودەکەنەوە، بە پێچەوانەی ڕۆژنامە حیزبیەکان، تاکو ئێستا چەند هـەواڵێك هەیە ئێمە خۆمان لەناو شاردا، گوێمان لێبـــووە، کەچـــی ڕۆژنامـــەکان زۆر لێـــی بێئاگان، چونکە حیـزب سـنوری بۆیـان داناوە، کاتێك کـە حیـزب سـنوری بۆیـان دانـاوە ئیـدی ئـەو ڕۆژنامەیـە پێمواییـە ناتوانێ ئەو هەواڵە بڵاوبکاتەوە، ئـەمڕۆ ڕەواجـی ڕۆژنامـەی ئـەهلی زیـاترە بـە تایبـــەتی هەفتەنامـــەی هـــاوڵاتی کـــە دانەیەکی زۆری لێدەفرۆشێت،

خوێندنـــەوەی بڵاوکـــراوە کوردییـــەکان زیاترە یان عەرەبییەکان ؟

کـــاك ســـۆلاڤ ناســـراو بـــە ســـوورە (ڕۆژنامەفرۆش) لـە دەڵێـت: هاووڵاتیـان لەبـەر ئـەوەی زۆریـان عـەرەبی دەزانـن ڕۆژنامـــە عەرەبییـــەکانیش دەکـــڕنو دەیخوێننـــەوە، بـــەڵام زیـــاترینی ئـــەوەی ئـــەمڕۆ خـــەڵك مەبەســـتیانە ڕۆژنامـــە کوردییەکانە.

بشە بازاڕتان چۆنە؟ -

ئێـــستا بـــازاڕی فرۆشتنی ڕۆژنامـە تـا ئاســـتێك باشـــەو هـــەواداران زۆرە خـــەڵکی بـــاش دەیخوێننەوە.

ســـیروان: لـــەو چواردەســـاڵەدا نەوەیەکی نوێ پەیدا بووە، کە ناتوانن بە عـەرەبی بخوێننـەوە، تـەنها ئەوانـەی بـە تەمـــەنن بـــە دوای ڕۆژنامـــەی عـــەرەبی دەگـــەڕێن، ڕۆژنامـــە عەرەبییـــەکانیش تـــا ڕادەیـــــەك دەفرۆشـــرێن، پێـشتر لـەکاتی ڕژێـــــم ڕۆژنامـــــەی عـــەرەبی کـــەم دەفرۆشـــــرا بـــــەڵام دوای ئازادی عێـراق بۆ ئەوەی ئێمە لـــــــە بیروبۆچـــوونی عەرەبـــــەکان تێبگـــــەین و

بزانین بۆ چوونیان بەرامبەر بە کوردو مەســـەلەی کـــورد چـــۆنە دەبیـــنین خـــەڵکێکی زۆر هـــەن ڕوو لـــە ڕۆژنامـــە عەرەبییەکان دەکەن، بۆ ئـەوەی بـزانن دڵـسۆزی ئـەو ڕۆژنامـە عەرەبیانـە تـا چەند مەسەلەی کورد بەڕەوا دەبینن، چـۆن باسی مەسـەلەی کـورد دەکەنـەو چەند بڕوایان بە دیموکراسیو فیدراڵی هەیە کە گەلی کوردستان داوای دەکات، ئێمـــە کاتێـــك کـــە ئـــەم ڕۆژنامانـــە دەخوێنینـــەوە ئینجـا تێدەگـــەین کـــە عەرەبەکان بەتایبەتی ڕۆشـەنبیرەکانیان تا ئێستا لـە وشـەی فیـدراڵیو مافـەکانی ئێمـە تێناگـەن، هیـوادارم بـە هۆیـان دابچنەوە نـەك هـەر ڕۆژنامـەی خۆیـان بخوێننـــەوە، بـــەڵکو بڵاوکراوەکـــانی ئێمەش بخوێننەوە بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش بتـــوانن شـــتێك بنووســـینو بـــزانن مەسەلەی کورد گەیشتۆتە چ ئاستێك لە کوردســـتان چـــی هەیـــە، کاتێـــك ئـــەوان شـــتێك لەســـەر کوردســـتان دەنووســـن بابەچاوی خۆیان بێن لە کوردستاندا بـۆ ماوەیـــەك بمێننـــەوە بـــزانن خـــەڵکی کوردســـتان چـــەند ڕۆشـــەنبیرە چـــەند ئازادە چەند بەرامبەرەکەی وەردەگرێت، بـــۆ ئـــەوەی شـــت بنووســـن لـــە ڕۆژنامەکانـــداو بـــۆ ئـــەوەی ئێمـــەش بتـــوانین بیخوێنینـــەوەو بـــیرو تێگەیشتنمان ئاوێتەی یەکتر ببن.

هادی ڕۆژنامەفرۆش

دوای چـــەند جارێـــك تـــا کـــاك هـــادی ڕۆژنامەفرۆشم لە بەرامبەر باغی شار بینـی، کـە زانیـاریو سـەربوردەی زۆری لـەمڕ کارەکـەی لـە لا هـەبوو، بۆیـە بـۆ هەنـدێ بابـەتی دیکـە ڕایکێشام و باسی گرفتەکانی خۆی کارەکـەی کـردو گـوتی:

مـــن لـــە دوای ڕاپەڕینـــەوە ڕۆژنامـــەو بڵاوکراوەکان دەفرۆشم، بەڵام زۆرجاران شارەوانی دەرمان دەکەنو ڕاومان دەنێن، دەمانگرێ، مـن تائێستا نـۆ جار گیراوم، هـــەر جـــارێکیش شـــارەوانی دووســـەد دیناری پێژماردیمە(سی هەزاری پارەی نـوێ)، ئەگەرچی کـە جـەنابی پارێزگـاو قایمقام ڕێگای پێـداوین، زسـتان لەبـەر سـاردیو بـاران‌و هاوینـانیش ئەوەنـدە گەرمایە، هێندەی نامێنێ قورگم خوێنی لێبێتـــەدەر! جگەلـــەوەی ڕۆژانـــە ڕۆژنامەمان لەسەر دەمێنێتەوە، چونکە ســـەتەلایتو ئەنتـــەرنێت هـــەواڵو زانیارییـــەکان خێراتـــرو بـــەخۆڕایی دەگەیەنن..

*زانیومانە کێشەتان لەگەڵخوێنـەرانیش هەبێ؟ زۆر کـەس شـتم لێـدەبات پاشـان بۆم ناگەڕێنێتەوە، هەن کە قوتابینە من یارمەتیان دەدەم، گۆڤار یان ڕۆژنامـەیان دەدەمـــێ لـــەئامادەکردنی ڕاپـــۆرتو لێکۆڵینـــەوە سـودی لێـوەربگرن ، بـەڵام بـــۆم ناگەڕێننـــەوە، بـــابڵێن هـــەژارو نـــەبونین ، گۆڤـــارو ڕۆژنامـــەی زۆرم لا دەمێنێتەوە پێیان دەبەخشم.

* دەڵـێن ئەرشـیفێکی دەوڵەمەنڕۆژانـە جۆرەهـــاێ ئـەوانیش کڕیاریـان هەیـە، ڕۆژانە جۆرەها گۆڤارو ڕۆژنامە دێتە لام کـــە نافرۆشـــرێن، کۆنـــەکان دەفرۆشـــم زەرەرەکـەی پڕدەکەمـەوە، ئەرشـیفەکەم خەیاڵین سەدان هەزار ڕۆژنامەی تێدایە، لەگەڵ پانزە تا هەژدە هەزار ڤۆڤار.



بە ناچاری!

لە شاعیرێکی لاوم پرسی چەند شیعرت هەیە؟ وتی (سێ) دیوان و یەکێکیشم لـە ژێـر چـاپدایە ..! لـە شاعیرێکی کۆن و ڕەسەنم پرسی چەند دیوانت هەیە؟ وتی هێشتا ئەو بوارەم بۆ نەڕەخساوە ناملیکەیە چاپ بکەم وە بە نسبەت شیعرەوە تەنها ٢٠ شیعرم هەیە ...!

– لە ڕۆژنامە فرۆشتنێکم پرسی نرخی ئـەو ڕۆژنامـەی دووسەدو پەنجا دیناره، ئەوەتا لەسەری نووسراوە، کەچی تۆ ئەیدەی بە پێنسەد دینار وتی: کاکە گیان ئەو شیعرەی سەر ڕۆژنامەکە شیعری شەریکەیە ئەی نـابێ شـتێکیش خێـر بکـەین .. تـۆ بڵێـیش ڕۆژنامـەش لـە شـەریکە دەربچێت؟!

– لـە موسـەقەفێکم پرسـی ئـەم جەژنـەی کـە ڕابـردوو سەردانی چەند ماڵت کرد؟

وتی: ئەوەی ڕاستی بێ دوازدە کولیچەم خـواردوو تـەنها یەك گیرفان چکولێتیش دەسکەوتم بوو.

– بە لاوێکی ١٤ سـاڵانەم وت دڵـداریت کـردووە؟ تـەی باشە چەند دۆستت هەیە؟ وێ دەنگت نەوێ لـە عـەیب و شوورەیی باباوکم گوێ ی لێ نەبێت.

– لە مامۆستایەکم پرسی مانگانە مەعاشەکەت چێ لێ دەکەی؟

وتی: شتێك لە سەرییەوە قەرز دەکەم و دەیدەم بە کرێـی خانوو بۆ کێی تاکسیش چاوەڕێ ی زەکاتم.

– بە جیرانەکەمانم وت سەیارەتان کڕییوە ڕەببی پیرۆزتان بێ بە دڵی خۆش.

وتی: براکەم بڵێ ماشەڵا مەڵێ بـە چـەندتان کڕیـوە، بـا ئەوەشت پێ بڵێم بە خوا مۆدیلی کۆنە بێ چاوی بێ کۆڵێ وەرەقەش قەرزارین لەسەرییەوە ڤیکترا (٢٠)یـش نییـەو عەیار (١٦)ەیە.

– لە کابرایەکم پرسی: خاڵۆ دەنگدەدەیت؟

وتی: گەلێ خێر فلسێکم لێیـان دیتـووە هـەتا دەنگیـان پێبدەم پیاو یەکجار خەڵەت دەکا.

– لە گۆرانی بێژێکم پرسی بۆ بـە یارمـەتی کۆمپانیـای (.....)بۆخۆت (clip) یك ناکەی؟

دەنگت وەها خۆشە؟ وتـی: هێـشتا سـەفەری هەنـدەرانم نەکردووە...!

– لە سایەق تەکسییەکم پرسی بەنزین ئێستا تا ڕادەیـەك هەرزان بووە بۆچی نەختێ کرێ ی داخلی کەم ناکەنـەوە؟ وتی: ئەی پاسەکان بۆچـی تائێـستا هـەر (٢٥٠) دینـار ئەسێنن.

– بە بەقالێکم وت: براگیان دەسکێك تورم بدەیە. وتـی: بەسەر چاو مامۆستا بەڵام پارەی تەواوت لەلاە هەیە؟ وتم خۆ قابیلە چی یە بە هەرچەند بێ؟

وتـی: تـەنها (٧٥٠) دینـاری چـاپی تازەیـە هـەر ئـەو دەسکەشم ماوە.

وتم: سوار بوون عەیبێکە دابەزین خەجاڵەتی یە. ها ئەوە (٧٥٠) دینار بێنە تورەکەم بدەیە تا خەلاس نەبووە.